# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (کە نەخۆشی بەرۆکی گرتم)



لە رۆژانێکدا تاڤگەی حەزو خۆزگەو ئارەزووەکانم سەریان لە قۆچکەی ئاسمانی هەرە باڵا ئەسووی، ئەو رۆژانەی ئەستێرە گەشەی ئەفراندن و هونەرم ئاوابوونی نەئەزانی، هەر چۆن ئەو رۆژانەی لە شیعرێکی سەرەتای هەرزەکاریدا گوتبووم:

لەگەڵ ئەستێرە من ئەدوام
خەیاڵم هێندە باڵابوو
هەتا زنجیری ئەم رۆژە
لە دەست و پێم نەئاڵابوو

لە پڕاو لە کاتێکا سووره سووری رومەتەکانم بوو، کورد واتەنی «هێلکەم بە بن باڵ ئەکولاند». کتوپڕ لە دەمەو نیوەڕۆیەکدا، هەستم بە ئاڵۆزبوونی باری تەندروستیم کرد. ئەویش بەهۆی راچڵەکینێکی چاوەڕوان نەکراوەوە بوو، خوا ئەوانە روو رەشی هەردوو دونیا بکات کە ئەو تۆپخانە ئێرانییەیان هێنابوویە ئەودیو شارو تۆپبارانی ئێمەی کوردیان پێکرد، ئەو زرمە گەورەیە بوو، ئەو دەردە هەمیشەییەی بۆ هێنام، ئەگەرچی رۆژانی هات، کارێکی ئەوتۆی دڕندانەتر. چەکیان بە شانی هیچ کوردێکەوە نەهێشت، بەڵام نەتوانرا قەڵەم و شانۆکەی من چەك بکرێ، یان چەك لە شانم داماڵرێ، بۆیە زەبری شۆڕشەکەم بەردەوام بوو. بەرهەمەکانیشم گەواهی زیندوون و بەر لە هەمووانیش پێشمەرگە شایەتیم بۆ ئەدەن، بۆ یەکەمجار درکاندم: (دڵم زۆر تەنگەنە)، رەنگە ئەو ساتە ناخۆشترین ساتی تەمەن بووبێ. نەخۆشی شەکرە وزەو توانا تالان ئەکات، نەمئەتوانی چەند سەد مەترێ بڕۆم، واژە واژی لە دوبەرەی کەللەم کردبوو، چوومە بەشی شیکاری خەستەخانەو هەر سەعاتی جارێ خوێنیان لێ وەرگرتم، وتیان سەعات یەکی نیوەڕۆ وەرەوە بۆ وەرگرتنی ئاکامەکەی. هەتا ئەو چەند

## ئەحمەد سالار

تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

سـەعاتەم لـێ رۆیـی لـە دوژمنیـش نەڕوا، لـە کاتی خۆیا، لۆش لۆش چوومەوە، برادەرێکم شیکار بوو، بە قاقای پێکەنینەوە: چوکلێت چوکلێتە، لە گەڕانەوەمدا هەر لە ناو حەوشـەی خەسـتەخانەکەدا، هونەرمەندی خوالێخۆشـبوو (کاك ئەحمـەد دەنگ گـەورە)م تووش بوو، کە هەمان نەخۆشی هەبوو، کەمێك دڵی دامەوەو وتـی بـۆ سـەردانی دکتۆرێـك ناکەیت، بەقسـەم کردو گەڕامەوە ژووری و سـەردانی خوالێخۆشـبوو (دکتۆر کەمال شـێخ جەمال)م کرد، کە (مامۆسـتا شـەماڵ)ی بـرای برادەرێکـی ئەزیـزم بـوو، بەگەرمـی پێشـوازی لێکردم و سـەر لە نوێ هەندێ شـیکاریی بۆ نووسـیم و، پێـی وتـم: ئەبـێ بتبینمـەوە، منیش بەبـێ ئەوەی هەسـت بەخۆم بکەم، خۆم لە نەخۆشـییەکە ئەشاردەوە، ناچار بەهۆی (مامۆسـتا شـەماڵ)ی برایەوە ناردی بـە دوامـا. پاش ماوەیـەك بەخۆما هاتمـەوە و کەوتمە وەرزش و جووڵە و خۆماندووکردن، بەڵکە ئەو وزە زیادە بڕەوێنمـەوە، بـەڵام کار لـە کار ترازابـوو، ناچـار ئەبوو نەخۆشییەکە بکەمە برادەری هاوخەمم.

ئیـدی بەهیـچ جـۆرێ توخنـی هیـچ خواردنێـك نەدەکەوتـم لەوانـەی بـۆ نەخۆشـییەکە نەدەلـوا، خـۆم لـێ دوورەپەرێـز دەکـرد، ئەمەش چەندین سـەربوردەی خۆی هەیە، یەکێ لەوانە ئەوەبوو خانمۆڵەیەك دیاربوو گەلێـك دڵـی پێمەوە بـوو، رۆژێ سـەرەرێی پێگرتم و بردمیـە ئۆفیسـەکەی و بەسـەر مێزەکـەی بـە حەوت جـۆر و رەنـگ شـیرینی، هـەر لەسـەر نەریتـی کۆن، بـۆ رازاندبوومـەوە، منیـش رێـزو خۆشەویسـتییەکی (برایانەم) بۆی هەبوو، ئیسـتەری خواردنی هەمووی لێکـردم، منیـش تیادا مابووم، لـە نێوانی نەخواردنی، یان درکاندنی نەخۆشـییەکەم، ئەمجارەش دۆش دامام و دڵـی خانمۆڵـە شـیرینەکەم پـێ نـە شـکاو لـە هـەر یەکەیـان کەمێـك و شـەربەتە خەسـت و خۆڵەکەشـم نا بەسـەرمەوە و پـاش سـوپاس و خواحافیـزی لێکـردن، کاتـێ گەیشـتمەوە ئـەو دیـو دەرگای حەوشـێ بـە چۆکـدا هاتـم و کەوتـم، ئیتر لە کـوێ هەڵمەئگری و لـە کوێـم دامئەنێی، ئیدی رێگای ئەو خانمۆڵەیەشـم لە خۆم کرد. ئەمجارەش جوانەمەرگ نەبووم و پاشان لەهـەر شـوێنێ بانگـی چایان بۆ ئەکـردم، ئەم وت با دیژلەمەبێ، پاش ماوەیەك سەیر ئەکەم هەر گیرفانەم هێندەی شەکردانێ شەکری کلۆی تیادایە. بە راستی حەزم نە ئەکرد کەس بە حاڵم بزانێ، چونکە ئەمزانی چەنـدە نەیـارم لـە بوارەکەدایـە، نەبـادا نەخۆشـی من خۆشبەختی ئەوان بێ.

بەر لەو تووشـبوونە، بانگکراین بۆ سـەربازی، وتیان ئەگـەر ئەو کەسـە نەخۆشـییەکی بەو جـۆرەی هەبێ، ئەوا ئەبەخشرێ، منیش ئەو شەوە داوام لە هاوسەرەکەم کرد قبوڵی و پەتاتەم بۆ لێنێ شەو چەندەم پێ خوراو ناوبەناویـش چـوار پێنـج قـل خورمـام خـواردو یـەك شووشـە شـەربەتی پرتەقاڵ، هەر چەندە هاوسـەرەکەم هەوڵـی ئـەدا دەسـتم بگرێ بۆ نەئەگیرا، لە شانسـی ئـەوا هێندە سرك بووم. شـەوێ تا بەیانـی پەیتا پەیتا سـەیری ئەکـردم ماوم یان نەمـاوم، بەیانی نەئەبوو نان بخـۆم، چـووم و شـیکاریان بۆ کردم، کـە چوومەوە بۆ وەرگرتنـی ئاکامەکەی وتیان: مـژدە، مژدە، هەرگیز شەکرەی نییە.

باشە چۆن لەوەوە گۆڕا بۆ ئەمە!؟

ئـاکام لەگەڵیـا رۆژانـی تەمەنـم بەسـەر بـرد، بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرەم بوو، بارە نەخۆشییەکەم گۆڕی بە هێـزو گوڕی ئەفرانـدن و بەردەوامی، ئەوا هەنووکەش پاش کارکردنی لە دڵ و چاوەکانم، بەڵام هەر گوڕەی نەسرەوتنمە.

**خوا ئەوانە روو رەشی هەردوو دونیا بکات کە ئەو تۆپخانە ئێرانییەیان هێنابوویە ئەودیو شارو تۆپبارانی ئێمەی کوردیان پێکرد، ئەو زرمە گەورەیە بوو، ئەو دەردە هەمیشەییەی بۆ هێنام**

**لەهەر شوێنێ بانگی چایان بۆ ئەکردم، ئەم وت با دیژلەمەبێ، پاش ماوەیەک سەیر ئەکەم هەر گیرفانەم هێندەی شەکردانێ شەکری کلۆی تیادایە. بە راستی حەزم نە ئەکرد کەس بە حاڵم بزانێ، چونکە ئەمزانی چەندە نەیارم لە بوارەکەدایە، نەبادا نەخۆشی من خۆشی بەخشی ئەوان بێ**

# هۆكاری جوانی ماریمار بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

لە سەرەتای نەوەدەكانی سەدەی رابردوو لە جیاتی زنجیرە دراما توركییەكان زنجیرە دراما مەكسیكییەكان باو بوون و ئەو كاتیش بۆ سەر زمانی كوردی دۆبلاژ نەدەكران، بەڵكو تەنیا بە زمانی عەرەبی بوون، یەكێك لە زنجیرە هەرە پێشكەوتووەكان كە لە ساڵانی نێوان **١٩٩٢-١٩٩٤** پێشكەش دەكرا زنجیرەی (ماریمار) بوو كە لە پاڵەوانیەتی ئەكتەر و گۆرانیبێژی ناسراوی مەكسیكی تالیا بوو.

تالیا ئێستاش بەردەوامە لەسەر كاری هونەری بەتایبەتی لە بواری گۆرانی وتن و یەكێكە لە ئەستێرە هەرە سەركەوتووەكان مەكسیك و خاوەن جەماوەرێكی زۆر، ئەوەی زیاتر سەرنجی جەماوەری راكێشاوە ئەوەیە دوای ئەو هەموو ساڵە تالیا كە تەمەنی لە پەنجا ساڵی نزیك بووەتەوە كەچی هێشتا جوانییەكەی خۆی لە دەست نەداوە بێ ئەوەی نەشتەرگەری جوانكاری ئەنجام بدات.

(ماریمار) لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێ: هۆكار زۆرن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت پارێزگاری لە جوانی خۆی بكات و لە دەستی نەدات، لەوانە خۆراكی تەندروست، زۆر خۆ ماندوو نەكردن، ئەنجامدانی وەرزش بەشێوەیەكی رێكوپێك، ئەمانە هەموویان یارمەتیدەرن بۆ تەندرووستییەكی باش كە كاریگەریی راستەوخۆی لەسەر پیر نەبوون هەیە و مانەوەی مرۆڤ بە گەنجی و جوانی.

تالیا هەر سەبارە بە جوانییەكەی دەڵێ: بەڵام هۆكاری سەرەكی مانەوەی من بە جوانی ئەوەیە كە لە ژیانی هاوسەرێتی زۆر ئاسوودەم لە هەموو روویەكەوە و لە گرفت و كێشە دوورم، من و هاوسەرەكەم زۆر رێز لە یەكتری دەگرین و یەكترمان خۆش دەوێ.



# جنیڤەر خەریکە بن ئەفلیک شێت دەکات



لە میانەی کۆڕێك کە بەتایبەت بۆ نمایش کردنی دوایین فیلمی بین ئەفلیك کە بە ناوی (The accountant)یە ڕێکخرا بوو، ئەفلیك زۆر شڵەژاو و پەشوکاو دیار بوو لە رووی دەروونییەوە ئەمەش دوای ئەوەی لە هەواڵی داواکەی جنیڤەر گارنەری هاوسەری بۆ جیابوونەوە دڵنیا بووە کە پێشکەشی دادگای کردووە و ئیمزای لەسەر کرد.

لە کۆڕەکەدا ئەفلیك زۆر هیلاك دیار بوو و دەموچاوی ئارەقەیەکی زۆری کردبوو، هەروەها قژ و جلوبەرگیشی زۆر نارێك بوون، پەیوەندی نێوان ئەفلیك و جنیفەر گارنەر بەر لە دوو ساڵ تێکچوو کاتێك جنیفەر زانیی خیانەتی لێدەکات لەگەڵ ئافرەتێك کە منداڵەکانی پەروەردە دەکات، هەرچەندە لەو ماوەیەدا جنیفەر زۆر هەوڵیدا لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکەیان دەست پێبکەن، بەڵام هەوڵەکانی شکستیان هێنا بەمەش ناچار بوو داوای جیابوونەوە بکات.

بەپێی سەرچاوەکانی ماڵپەڕی (TMZ)ی تایبەت بە هەواڵی هونەرمەندان و ناوداران هەردوو لا لە دادگا ڕەزامەند بوون و ئیمزایان لەسەر بڕیاری جیابوونەوەیان داوە بەبێ پشت بەستن بە پارێزەر، پەروەردەکردنی هەرسێ منداڵەکانیشیان بە گوێرەی یاسا دەبێت.



# میشتی بەرگری لە کارەکانی خۆی دەکات

خانمە ئەکتەری بۆڵیۆد میشتی چاکرەپۆرتی کە بە رکابەرە سەرەکییەکەی ئیشواریا رای ناسراوە، بێزاری و دڵتەنگی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو هەواڵ و راپۆرتە رۆژنامەوانیانەی لە میدیاکانی هیندستان دەربارەی فیلمی (Babu Baga Busy) بڵاودەکرێنەوە کە دوایین کاری سینەمایی ئەم ئەکتەرەیە و بڕیار وایە بەم نزیکانە لە شاشەکانی سینەما نمایش بکرێت.

میدیاکانی هیندستان بە توندی هێرشیان کردۆتە سەر ئەم فیلمە بەتایبەتی دیمەنە سەرنجڕاکێش و وروژێنەرەکانی، لەم بارەیەوە میشتی بۆ ماڵپەڕی (deccanchronicle) وتی: من دەمەوێ لە چوارچێوە رۆڵە کلاسیکییەکانی پێشووم بێمە دەرەوە و رۆڵی کەسێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو ببینم، هەرچەندە ترسی زۆرم هەیە کە رۆڵێکی گەورە و گرنگی وەك ئەوەی لە فیلمی (Babu Baga Busy) گرفتی گەورەم بۆ دروست بکات، بەڵام بوونی کەسێکی وەك دەرهێنەر نافیم مداریم هانیدام بۆ بەردەوام بوون لەو کارە، چونکە ماچ و وروژاندن زۆر ئاساییە ئەگەر لە میانەی فیلمەکە بەکاربهێندرێت و سنوورەکان نەبەزێنێت.

چەند ماڵپەڕێکی هیندی ئەوەیان باس کرد کە جگە لە دیمەنە وروژێنەرەکان و ماچ کردن، گفتوگۆی فیلمەکەش چەند قسەیەکی ناشیاویشی تێدایە.




ئەم پرۆژەیە کە خاوەنەکەی ئەکتەری ناسراوی بەریتانی چارلی بۆرمان-ە، هەریەکە لە بیلی وارد،
کەی بەهار، کلاودیۆ ڤۆن پلانتە و میران دزەیی نوێنەرایەتی دەکەن، ئامانجیانە لە ماوەی ١٠ رۆژدا گەڕانێك بە نێو شارەکانی کوردستان بکەن و زۆرترین وێنەی شوێنە گەشتیارەکان بگرن. زۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا و ئەمریکاش گەڕاون و خەریکی ئامادەکردنی
پلانێکن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانیش بخەنە سەر هێڵی گەشتی ماتۆڕسکیلانی دونیا و لە کاتی گەشتەکانیاندا سەردانی شارەکانی کوردستانیش بکەن.
لەبارەی ئەم پرۆژەیەوە، دەرهێنەری کورد کەی بەهار کە هاوکاری سەرەکیی تیمەکەیە، تایبەت بۆ گوڵان گوتی: ئامانجی سەرەکیی ئەم پرۆژەیە ناساندنی هەرێمی کوردستانە بە گەشتیارانی جیهان، هەرچەندە بە ماتۆرسکیل بە کوردستاندا دەسووڕێنەوە، بەڵام ئێمە دەیکەینە فیلمێکی دیکۆمێنتەری، بۆ ئەوەی روویەکی دیکەی وڵاتەکەمان بە خەڵکی جیهان نیشان بدەین.
گوتیشی: پرۆژەکە گشت شارەکانی کوردستان دەگرێتەوەو ماوەی ١٠ رۆژ دەخایەنێت، هەر لە شاری هەولێرەوە تا ئاکرێ و دهۆك و سۆران و رەواندوزو دۆکان و سلێمانی و هەڵەبجەو قەرەداغ، دواتر بۆ ئاغجەلەر و گۆپتەپە و کۆیە، هەروەها دەمانەوێت شەوێك لەگەڵ پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگ بمێنینەوە.
کەی بەهار زیاتر باس لە پرۆژەکە دەکات و دەڵێت: ئەو تیمە گەشت بۆ زۆربەی شوێنەکانی جیهان دەکەن، ماوەیەکە لەگەڵیان خەریکم بۆ ئەوەی باوەڕیان پێ بهێنم کوردستانیش ئەم گەشتە بگرێتەوەو بیخەنە نێو بەرنامەکەیانەوە.
سەبارەت بە پشتیوانی لە تیمەکە، کەی بەهار گوتی: سوپاسێکی بێ پایانم بۆ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، بەتایبەتی بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و بەڕێز ئیبراهیم شێخەڵا قائیمقامی دەشتی هەولێر هەیە، کە هاوکاریی و کارئاسانییان بۆ تیمەکە کردووە، ئەویش بە دابینکردنی دوو ماتۆرسکیلی هاتووچۆی هەولێر کە بۆ گەڕانی شارەکانی کوردستان بەکاری دەهێنن، تەنیا بۆ پشکنینی ناوچەکان، ئەوەش پاڵپشتییەکی بەهێزە بۆ ئەوان، چونکە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا بەمجۆرە پاڵپشتی نەکراون، لە دوارۆژدا کە گەشتەکە دەکەن، کۆمپانیای جیهانی وەکو بی ئیم و هۆنداو کۆمپانیا زەبەلاحەکان سپۆنسەری پرۆژەکە دەکەن و ماتۆرسکیلەکان دابین دەکەن.
سەبارەت بە وەرگرتنی کوردستان لە پرۆژەکە، کەی



# کەی بەهار پرۆژەی ماتۆرسوارانی جیهانی دەهێنێتە کوردستان

**تیمێکی بیانی بە ماتۆرسکیل لە ماوەی ١٠ رۆژدا شارەکانی کوردستان بەسەردەکەنەوە و دەیانەوێ کوردستان بخەنە سەر نەخشەی گەشتیاریی جیهان**

**رۆژی ٢٠١٧/٤/٢٥، پرۆژەیەکی هونەری گرنگ بۆ ناساندنی هەرێمی کوردستان بە گەشتیارانی جیهان دەستیپێکرد، ئەویش بە هاتنی شاندێکی ماتۆرسوارانی جیهان بۆ شاری هەولێر، کە پرۆژەیەکی هەیە بۆ گەڕان بە جیهاندا و دەیانەوێ کوردستانیش بخەنە خشتەی ئەو وڵاتانەی بە ماتۆرسکیل تێیدا دەسووڕێنەوە.**

**ئا/ سەنگەر حوسێن**

بەهار گوتی: بریار لەدەست ئەو تیمەیە کە قەناعەت بە بەرنامەکە بهێنن بێنە کوردستان، هەر ئەوانیش بڕیار دەدەن بێنە چ بەشێکی کوردستان، بەش بەحاڵی خۆم گەشبینم کە لە کۆتایی بەرنامەکەدا بڵێن بەڵێ کوردستان شایانی ئەوەیە بیهێننە ناو بەرنامەکەو گەشتیارانی جیهانی بێن بە ماتۆڕسکیل گەشتی کوردستان بکەن.

بیلی وارد کە بە رەچەڵەك خەڵکی بەریتانیایە، سەبارەت بە گەشتەکە دواو گوتی: ئێمە ئەم جۆرە گەشتانەمان بۆ زۆربەی کیشوەرەکانی جیهان کردووە، دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە ئەم گەشتە نازدارترین و خۆشترین و جوانترین و باشترین میوانداریکردن و بە زەردەخەنەترین ناوچەی جیهانە کە من تا ئێستا سەردانم کردبێت، هەستێکی زۆر سەیرم لا دروست بوو کە بە شێوەیەکی هاوڕێیەتی پێشوازیمان لێکراوە، بۆ نموونە، لە زۆربەی وڵاتان کە دەچیتە ناو بازاڕەکەیان خەڵکەکە ئەوەندە رووخۆش نین، یان هەوڵدەدەن قۆڵت ببڕن، کەچی چوومە نێو بازاڕی گەورەی شاری هەولێر بەشێوەیەکی زۆر جوان پێشوازییان لێکردین و زۆر شادم کە هاتوومەتە ئێرە، بەڕاستی جێی سەرسووڕمانە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا جارێکی دیکە حەزدەکات دووبارە سەردانی کوردستان بکاتەوە، بیلی وارد گوتی: بە دڵنیاییەوە حەز دەکەم، بیرۆکەکەشمان بۆ ئەوەیە تا قەناعەت بە خەڵکی دیکەی بیانیش بێن بۆ گەشت سەردانی کوردستان بکەن.

سەبارەت بەو پاڵپشتییەی لەلایەن بەرپرسانەوە لە پرۆژەکە دەکرێت، بێلی گوتی: بەدڵنیاییەوە هەر لەسەرەتاوە پشتگیرییەکی زۆرباش کراین، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر باوەڕمان بەخۆمان هەبێت کە گەشتیارانی بیانی تێبگەیەنین بەوەی شایەنی ئەوەیە بێنە کوردستان، ئەو پێشوازییەی لە ئێمە کرا، زۆر گەرم بوو، ئەوە زیاتر بۆ ئێمە دەیسەلمێنێت کە بۆ هاووڵاتیانی بیانی لە دەرەوە روون بکەینەوە کە لە کوردستان ئارامییەکی تەواو هەیە و شەڕ و کوشتار نییە، بە پێچەوانەوە شوێنێکە میوانداری زۆر دەکرێت، لە هەمووشی جوانتر ئەوەیە کە پێکەوەژیانێکی جوانی نێوان پێکهاتەکانی تێدا هەیە، خەڵکی جیاواز هەیە و خەڵکی ئاوارە بە ئارامی ژیان دەگوزەرێنن، بۆ نموونە لەبەردەم یەکێك لە دوکانەکانی قەڵای هەولێر وێنەو تابلۆی جیاوازم لە تەنیشت یەکتر بینی کە هەریەکەو باس لە ئایینێك دەکات، ئەمەش شتێکی زۆر شارستانی و جوانە.